# نەست، چاڵێکی مێژووییە!



**کۆمەڵێک دیدار لەگەڵ کارڵ گۆستاف یۆنگ**

**بۆ کوردیی: سوورێن ئیبراهیم**

# دەروازەیەکی سەرەتایی بۆ دەروونشیکاریی یۆنگ

**سوورێن ئیبراهیم**

لەوانەیە پاش فرۆید یۆنگ و ئۆتۆ ڕانک لەو دەستە خوێندکارانە بن وا تەنیا لە سەر سامان و سەرمایە دەروونشیکارییەکەی باوکی دەروونشکاریی، واتە فرۆید، هەڵنەنیشتن، بەڵکوو دەروازەیەکی پانوپۆڕتریان بە ڕووی دەروونشیکارییدا کردوەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتیی هێڵە گشتییەکانی دەروونشیکاریی یۆنگ بەرباس بدەین، یۆنگ بە هەڵڕوانین بۆ دوو ئاسۆ و کردنەوەی جووتێک شاڕێگا دەروونشیکاریی خۆی لە پێشینانی هەڵبوارد:

یەکەم: پشتبەستن بە چەمکی شاهێما، دامەزراندنی چێوەی دەروونشیکاریی یۆنگ بەبێ دەربازکردنی نەستی تاکانەی مرۆڤ و پێهەڵهێنان بەرەو کۆنەستی گەل و نەتەوە سەرەتایی و مۆدێڕنەکان، کارێکی نەکردەنیی دەبوو، شاهێماکان هەڵگۆستە و هەڵگوشراوی کۆنەستن و بە شێوەیەکی پلەڕیز و مێژوویی لە زەین و کەسێتیی تاکدا چڕ و پەرچ دەبنەوە و لە شێوەی شاهێمایەکی (سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و کەلتووریی و سرووشتییدا) خۆیان دەنوێنن، یۆنگ لە وتاری **'هەڵکۆڵینی نەست'**دا پێی وایە هێما و پەیڤەکان کاتێک هێمارێژ دەبن، کە شتێکی بانتر لە بوون و بیچمە بەرجەستەکەیان بنوێننەوە و ڕەهەندێکی نەستەکییان هەیە، ئەو هێندە دڵنیا و مسۆگەر نییە کە بتوانین هێماکان لە دەفری دواڕاڤە و دواواتادا چێوەمەند

بکەین[1]. خەسڵەتێکیی ناکۆتای واتاییان هەیە. مرۆڤ ڕایەی دەکەوێ لە ڕێی شاهێماکانەوە دەستی بە هەرێم و بەهەشتی تاکایەتیی خۆیدا ڕا بگات، ئەمە چۆن دەکرێ؟ کاتێک لە ڕێی بارێکی ڕۆحانیی ئایینیی یان کۆمەڵایەتیی و ئەدەبییەوە مرۆڤ دوای ڕۆشنایی و ڕێنموێنێ ئەو شاهێمایە دەکەوێ. لەمڕۆدا ئەستێرەکانی تۆپی پێ و یانەکان، فیلمەکان، ڕابەرە ئایینیی و ڕامیارییەکان، خاک و نیشتمان و هتد، لەو بەستێنەدا ڕۆڵ وازی دەکەن و ئەچنە هەمان خانەبەندییەوە. شاهێماکان چۆن بیچم دەگرن، یۆنگ پێی وابوو نەستی تاکانە لە سەر توێژاڵێکی قووڵتر پاوەجێ بووە، کە کۆنەستی پێ دەڵێت، بە باوەڕێ ئەو ئەم کۆنەستە کەسەکیی نییە و کۆییە، ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە وا لە هەمووواندا هاوبەشن، لای یۆنگ نەستی تاکانە ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە وا بە گرێی سۆزەکیی ناوبردەی دەکات، سا ئەمانە ڕەهەندی کەسەکیی و تایبەتیی ژینی کەسەکە هێڵکێش دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یۆنگ پانتایی کۆنەست لە شاهێماکاندا خۆی ڕەنگڕێژ دەکات.[2] لای یۆنگ کۆنەست خەسڵەتێکیی نەستەکیی بۆهێڵیی و بۆماوەیی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی هەیە، ئەمە بە کاڵیی لە دەروونشیکاریی پێشینیی خۆی، واتە فرۆیدیش، ئاماژەی بۆ کراوە، ئەویش بە شێوەی 'پاشماوەی دێرین'، لێ یۆنگ ئەمە بەپێی بۆهێڵ و تۆماری بنەماڵەیی ناپێوێ، بەڵکوو پانتاییەی پانوپۆڕتریی دیرۆکیی و کۆمەڵایەتیشی پێ دەدات.

---

[1] یونگ، کارل گوستاو (١٣٩٨: ١٦) انسان و سمبول¬هایش، ترجمه: دکتور محمود سلطانیه، نشر جامی، تهران، چاپ دوازدهم.

[2] یونگ، کارل گوستاو (١٤٠٠: ١٠) ، ناخودآگاه جمعی و کهن الگو، مترجمان: فرناز گنجی، دکتر محمد باقر اسماعیل¬پور، نشر جامی، تهران، چاپ چهارم.

بەپێی گۆشەنیگای یۆنگ نەست دوور و دێرین و کەوناره، تا دێ سەر دەکات و لە چێوه دەدرێ، ئەوەشی ئەمڕۆ ناومان لێ ناوه ئاگایی مرۆڤی ژیارمەند، بە شێوەیەکی بەردەوام لە غەریزە و ڕەمەکە ڕەسەن و سەرەکییەکان ترازاوه، هێماکان لەم نەستەوه هەڵتۆزیون، بە پێودانگی دەروونشیکاریی یۆنگ دابەشی دوو شابەش دەبێت:

١. هێمای سرووشتیی: پتر بۆ یادگەی ئاژەڵێنیی و سرووشتیی و دیرۆکیی مێژووی کەڵەکەبوون و گەشەی پلەڕیزی مرۆ دەگەڕێتەوە و هەروا لە ڕێی شاهێما ئایینیی و هونەریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوه زرپوزیندووه. بۆیە مرۆڤی سەرەتایی ئەو گشتە ئایین و تەوتەم و سرووت و پەڕجوو و جادووەی ئافراندووه، چونکە نەستە غەرییزییە سرووشتییە ئاژەڵێنییەکەی زۆر لێی نزیک بووه و شەپۆلانی بووه، ئەو لە شەپۆلی ئەو وێنە و زایەڵە و نەڕەیەی سرووشت و گیاندارانی نێو دەروونی ترساوه، بۆیە ئاوا باوەڕی پێیان هەبووه و باری هانیون، چونکە فرە لەو کۆنەستە نزیک بووه.

٢. هێمای فەرهەنگیی: ئەمە پتر ئەو لایەنەی نەست دەگرێتەوە وا توێژاڵێک لە ئاگایی نیزک بووەتەوه و لە چێوەی دیاردە ژیارمەندە شارستانییەکاندا خۆی مشتوماڵ داوه. بگرە زۆرتر هێماکانی هەرێم و پانتایی هەستی مرۆڤ دەگرنەوه، ئەمانەش دیسانەوه لە قۆناغی ژیارییدا خۆیان لە چێوەی شاهێمادا لە نەستەوه بۆ هەرێمی ئاگای ڕاپسکاندووه، سا ڕەنگوبۆی ئاگایی تاکانە دەگرن و لەوێدا

دەردەکەون[3]. بۆیە یۆنگ وەک ڕەخنەکارێکی جیهانیی ئەقڵگەرایی و زانستگەرایی پاش پیشەسازیی سەدەی هەژدە و نۆزدە، ژینی مرۆڤی ئێستایی ناو ناوە: ژیان لە ژێر چەپۆکی: **خواوەندی ئەقڵ**! ئەو سەردەم و چاخە فیکرییەی نیچە دەیوت مرۆڤ و کۆمەڵی تێدا کراوە بە گرگن و مێرووله. بە باوەڕی یۆنگ بیری پۆزەتیڤیزمی مادەگەرا خەرەندی نێوان هەستی نەستی گەورەتر کرد.[4] سا کۆسپی بۆ خاڵیکردنەوەی شەپۆلە نەستەکییەکانی مرۆڤ لە ڕێی شاهێمای ئایینیی و کۆمەڵایەتیی و سرووتە چەشناوچەشنەکانەوە سازاند. بە باوەڕی ئەو مرۆڤی ئەورووپیی وێنای (باوک)ی بۆ دەوڵەت ناوهاوێژیی کردەوە، ئەمەش ڕێی بۆ سازبوونی دەوڵەتە تاکڕەو و تەسکبینە چەپۆکسالارەکان خۆش کرد: دەوڵەت لەبری ئێمە گشت خەونەکان دەبینێ! ئەمەش ڕێی کردەوە بۆ نەتەواندنی ئایین. سا خۆی واتەنی: ئەمڕۆ خواوەندەکان تەنیا ناوی خۆیان گۆڕیوە و هەموویان کۆتایی ناوەکەیان بە (یزم)یک کۆتایی دێ. یۆنگ ئەو بیرەی ڕۆشنگەریی ڕەخنەباران دەکات، کە پێی وابوو: مرۆڤ کاغەز و ڕووتەختێکی سپییە.

لەم گۆشەنیگایەوە بەپێی یۆنگ ئاگایی تەمەنی کورت و ساوایە و دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی نووسین، ئەگینا زۆرینەی هەرە زۆری تەمەنی مرۆڤ و هێماسازی و ڕەفتار و کردوکۆشی لە بن باندۆری هەستی غەریزیی و ڕەمەکی سەرەتاییدا لە تەتەڵە و بێژنگ دەدرێ، خۆی واتەنی: دەروون بەشێکە لە سرووشت.

---

[3] هەمان: (١٢)

[4] اوالتر وداینیک، ولودیمیر (١٣٧٩: ٤٩) یونگ و سیاست، ترجمه: علیرضا طیب، نشر نی، تهران، چاپ اول

یەکێکی تر لەو دەرچە و دەروازانەی یۆنگ بۆ دەروونشیکاریی وازی کرد، دەربازکردنی دوالیزمە ستەمکار و گردەبڕەکەی دەروونشیکاریی کلاسیکی فرۆدیی بوو، ئەویش دوالیزمی هەست و نەست و چاکە و خراپە و تاوان و کەڵکەڵەی سێکسیی، یان بینینی مرۆڤ وەک ئامێرێکی زیندوو و گیانداریکی فیڵزان بۆ چەپاندنی هەست و کەڵکەڵەکانی بە تاوان، بەڵکوو یۆنگ مرۆڤی وەک منداڵی نێو وێڵاش و زارۆڵی سرووشت و کەلتوور دادەنا، بەدەر لە هەستی چەپاندنی زایەندیی، ئەو پانتایی چەپاندن و سەرکوتکاریی نەستەکیی فراوانتر و هەراوتر دەبینێ، بە ڕادەیەک دەروونشیکاریی یۆنگ لە ئاییناسیی و ئوستوورەناسیی و داب و سرووتی گەلان دەئاڵێ، هەر بۆیە ئەو پێی وابووە لەو سۆنگەوە لە ئوستوورە و سرووت و ئایینەکاندا بۆ شاهێماکانی نێو نەستی مرۆڤ دەگەڕێ، چونکە پێی وابووە: ئوستوورەکان دیاردەی دەروونیین و تایبەتمەندیی دەروون شیی دەکەنەوە، ئاوا مرۆڤ یەکێتیی تەندرووستانەی خۆی لێل گەردوون پێک دێنێ، چۆن؟! کۆنەست چێوەیەکی کەسەکیی چێوەمەند نییە، بابەتێتیی ڕووت و ڕوونە[5]. ئەم پانتاییە هێندەی جیهان پانوپۆڕە، ئاوا خۆی واتەنی: "خود و جیهان ئاوێتە دەبن." بۆیە لە دەستپێکی پەڕتووکی 'ڕۆح و ژیان'دا ئەو دێڕەی گۆتە دێنێتەوە: "ئەوەی لە دەروەڕا هەیە، وا لە دەروونیش." ئەو ئاوا مێژووی دەروونی مرۆ هەڵدەکۆڵێ، کە لە کارلێکێکی بەردەوامیی گەردوونیی و مێژوووییدایە لەگەڵ دەرەوەی خۆی، هەر بۆیە هەر شتێک، تەنانەت بەرد و درەخت

---

[5] یونگ، کارل گوستاو (١٤٠٠: ١٠) ، ناخودآگاه جمعی و کهن الگو، مترجمان: فرناز گنجی، دکتر محمد باقر اسماعیل-پور، نشر جامی، تهران، چاپ چهارم.

و هتد، لای ئەو مایەی لێکۆڵینەوەن، چونکە لای گەلانی سەرەتایی پیرۆز بوون، ئەو ئەمەی ناو نابوو: '**ڕۆحی شاراوەی شتەکان**'. هەر شتێک چەندێکیش لە خۆیدا کپ و بێدەنگ بنوێنێ، دیسانەوە لە ڕێی ئەو هێما و نموونانەی دەبێتە نێوەنگیریی دەربڕینی، خۆی زیندوو ڕادەگرێ! یۆنگ پتر باوەڕی بە یەکێتیی و یەکبوونی نێوان کۆی یەکە زیندووەکانی نێو ئەم گەردوونەیە. (مەبەستم واتا زیندەوەرناسییەکە نییە بۆ زیندوویێتیی، چونکە لای یۆنگ سەرپاکی بەرد و درەخت و شتەکان لەڕێی نێوەنگیریی بۆ دەربڕینی باوەڕێک، دەکرێت زیندوو بن.) بۆیە ئەو جووتەچەمکی (بنەڕەتیی و مێیانە و نێرانە) دادەتاشێ، خۆی دەڵێ لە هەر پیاوێکدا ژنێک و لە هەر ژنێکدا پیاوێک هەن. ئەم ڕوانگە پتر بۆ یەکێتیی و یەکبوونە لێڵ باری نەستەکیی کۆی دیاردەکان، نەک هەژمارکردنیان وەک هەرێمی نەناس و نامۆی دوور لە یەکتر. بەم چەشنە مرۆڤ وەک ڕووتەخت و ناوتەختێکی هێمارێژ دەبینێ و هەر پنتێکی چەندێک گۆڕەپانی چەپاندنی نەست و کەڵکەڵە و غەریزە هەمەچەشنەکانە، هێندەش پێگە و گۆڕەپانی دەرکەوتنی ئاگایی و ژیریی سەرپاکی مێژووی سرووشت و گیاندارانە و لە مرۆڤدا، وەک کەڵکەڵەی سەرپاکی مێژووی سرووشت و ئاگایی و شارستانییەت خۆی دەدەڵێنێتەوە. ئەم دەروازە تازانە چ کاتێک بۆ یۆنگ کرانەوە؟ کاتێک هاتە هند، مەڵبەند و هەرێمێکی تری لە مرۆڤا دیتەوە: ڕۆح، تەنانەت ئەو هێما ئایینیی و ڕۆحانیی و سرووشتییە کۆمیناڵە ناناوەندگەرا و ناسیاسییەکانی ڕۆژهەلات ئاوا پێناسە دەکات: **هەستێکی سەرشار لە سەرسووڕمان**! زۆر جار ئەو بە دەروونی هەر

دەوت ڕۆح! چۆن ئەمەی دۆزییەوە، لەو هێما و دۆخ و سرووتانەی وا ئایین و ڕەوتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات لە پزدانی خۆیاندا هەڵیان گرتبوو، خۆی واتەنی مرۆڤ ئەمانەی بە نێوەندگیریی 'شامرۆڤ یان شاڕۆح' ئەنجام دەدا، ئەویش لە ڕێی ڕیزێک هێما و سرووتەوە، کە میرچا ئەلیادە واتەنی ئەمانە ئەو پردە هەڵبەستراوانەن وا مرۆڤ گەرەکێتی لە ڕێیەوە بگاتە بەهەشت و خاکی بەڵێنپێدراوی سەرمەدیی و ئەزەلیی و جاویدان، ئەو تەنیا بە چەمک و لەپێناسەدانی ئەمانە بە 'سۆپەرئیگۆ' داناکەویٚ! ئاوا سەرپاکی کردە و ڕەفتاری مرۆڤ داب و سرووتن، ژیان وەک بازنەی کردۆکۆشە ئایینییەکان، ئەو ترسی خۆی لە داڕووخان و سڕینەوەی ئەو جیهانە ڕۆحانییە و داهاتنی سەردەمی ئاسنینی مرۆڤ ناشارێتەوە. بە کۆ دەتوانین بێژین، گەر فرۆید جیهانێکی پڕ گێژاو و لە گێرژەنەدەرچووی دۆزیوەتەوە، یۆنگ هەروا ڕاڤەی ئەو جیهانە ناکات، بەڵکوو ئەو پتر باوەڕی بە چارەسەر و تیمارکردن و نیشتنەوە و دامرکانەوەی ئەو کەڵکەڵە هێماییە بەلاڕێدابراوە هەیە. هەر بۆیە ئەو لە هونەری نویٚ بێزار و وەڕەسە، چونکە پاش جەنگ هیچ شتێکی نەستی مرۆڤ نەماوەتەوە، بەڵکوو نەستێکی چەپەڵ و شێواو هەیە، ئەو هونەرەشی بەرهەم دیٚ، گوزارشتە لەو نەستە شێواو و تاریک و دڵتەنگە! بۆیە ئەو دەبێژیٚ: ئەقڵگەرایی نویٚ گەرەکێتی دەروون لە لە دەریٚ بترازێنیٚ و وەدەری بنێت[6]. لیٚ گەلۆ نەست دەمریٚ؟! یۆنگ لەو پەڕتووکەی لەمەڕ ڕوانگەی دەروونیی بۆ باوەڕی خەڵک سەبارەت بە دەفری فڕیو، ئەم دیاردەیە

[6] یۆنگ، کارل گوستاو: (۱۳۹۸: ۱۸) روح و زندگی، ترجمە: دکتر لطیف صدقیانی، نشر جامی، تهران، چاپ هشتم.

بە بەشێک لە ئاوات و کەڵکەڵەی نەستی مرۆی هاوچەرخ دادەنێ، وەک دیارە، پاش سکۆلاریزم و کاڵبوونەوەی ئایین و پووکانەوەی چەمکێکی پتەوی وەک 'یەزدان'، دەروونی مرۆڤ هەر وا داناکەوێ، بەرانبەر لەچێوەدان و سەرکوتکاریی و چەپاندن بەرهەڵەستی دەکات و خۆی ڕادەپسکێنێ. بینینی بیر و وێژە و هونەری پۆستمۆدێرنیزم بۆ ڕاوەستانەوە بەرانبەر ئەو ڕێبازە و بیر و ڕامانانەی لە بن باندۆری پۆزەتیڤیزمی پاش ڕۆشنگەرییدانن جێی باسە. بێ هۆ نەبوو ئەو دەیوت: تا پتر مرۆڤ هێزی بە سەر زانستدا دەشکێ، جیهان نامرۆڤانەتر دەبێت. دەکرێ ئەمە وەک تێکچوون و ترازان و لارەسەنگیی 'هەست و نەست'یش لێک بدرێتەوە و دێتە واتای دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکەی ئاگایی و چەپاندن و دەروونپەشێویی پتری مرۆڤ و سەرهەڵدانی بزووتنەوە و ڕەوتی ڕۆشنبیریی و فیکریی چەشناوچەشن. کێ دەتوانێت ئەم خۆڕاپسکانەی نەست و غەریزە چەپێنراوانەی هەرێمی نەست لە سینەما و ئەدەبییات و فەلسەفەی پاشمۆدێرنیزمدا نەبینێتەوە! نەست، چاڵێکی مێژووییە، مێژووی ژیاریی و شارستانێتیی نزیکی پێنجهەزار ساڵەی نا، مێژووی ناکۆتا و دووری نەست و کرۆکی مرۆیی. بە کورتیی: ئەم بابەتانەی لای خوارێ پوختەی ئەو دیدار و وتاربێژییانەن وا لە سۆنگەی بەشداریی یۆنگ لە کۆڕبەندە جیاوازەکاندا لەگەڵی ساز دراون، یۆنگ پوختەی بیروڕای خۆی لەمەڕ بابەتەکانی (نەست و شاهێما و ئایین و جەنگ و هونەری هاوچەرخ و هتد...) خستووەتە ڕوو، هەروەها ڕاجیایی و ناکۆکیی لەگەڵ مامۆستاکەی: فرۆید!

## دیدارەکان:

### ١. هونەری هاوچەرخ ترسناکە[7].

(لە پەڕتووکخانەیەکی بچکۆلانەدا، کە پەنجەرەکەی بە ڕووی باخ و دەریاچەکەی پشتیدا دەکرایەوە، یۆنگ چاوەڕێم بوو: مێزێکی نووسین لە سووچێکەوە، ڕەفەی پەڕتووکان، چەند وێنەیەکی کرچوکاڵ- نیگار و وێنەکان- بە بچووکیی و لە چوارچێوەی ڕەشدا بە دیوارەوە، یۆنگ خێرهاتنی کردم. فەرمووی لێ کردم تا لەسەر لاتەختی تەنیشت پەنجەرەکە دانیشم. کێشی نەختێ لە ناوەند زیاتر بوو. ئێسکەپەیکەری ئەستوور بوو. نەژادی گوندییانەی نیشان دەدا، بە هەنگاوی نەختێ قورس ڕێی دەکرد. گرشەی ڕووخساری لەگەڵ نیگا تیژەکەیدا دەهاتەوە. ڕیش و سمێڵی سپیی بوون، لێ گەنجتر لە تەمەنی دەینواند. وتی تازە لە دەردەپیریی هەڵساوەتەوە. کاتێک بێپێشەکیی باسی هێرمان هێسەم کرد، یۆنگ وتی ئەم دواییانە بیری لە فرۆند هاین (Freund Hein) کردووەتەوە، کە دەستەواژەیەکی ئەڵمانییە بۆ مەرگ، لێ ئەو دەبوو یەکێک لە بەرزترین بەرهەمەکانی، Mysterium Coniunctionis هەر لەو سەردەمەدا بنووسیایە. یۆنگ گوێی بۆ پتەویی و ناڕەزایی من شل کرد، کاتێک گوتم دەروونناسییەکەی ئەو چەندین کەڕەت لە بەریتانیا بە بیانوویی نازانستێتیی هێرشی کراوەتە سەر، سەرەتا ڕەنجا، لێ پاشان لێشاوێک هۆکار و بەڵگەی بۆ هەڵڕێژام.)

---

[7] گفتوگۆی ج، پ، هۆدین لەگەڵ یۆنگ، لە ساڵی ١٩٥٢.

لە توێکاریی بەراوردکارییدا باسی دیاردەی گیانەوەرناسیی (morphological)ی مرۆڤ دەکرێت. ئەندامەکانی وەک ئەندامی ئاژەڵانن. بۆ نموونە ئێمە دەزانین مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتای گەشەدا، لە گەشەی پلەڕیزی خۆیدا دەژێت. دەزانین نەژادی تەواوکۆی ئەسپ بۆ ملیۆنان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەم ڕەنگە زانستی توێکاریی ڕسکاوە. هاوکات گیانەوەرناسییەکی بەراوردکارانەی وێنای ڕۆحییە، فۆلکلۆر گۆڕەپانێکی ترە بۆ توێژینەوە لە پەرەسەندنMotivation. هەر زۆر بە سادەیی، ئەوەی من ئەنجامم داوە، دیاردەناسییەکی بەراوردکارانەی زەینە نەک شتێکی تر، داخۆ گەر کەسێک خەوێکی دیبێت و ئێمە هاوشێوەی ئەو خەونە لە ئوستوورەدا ببینینەوە، هەروەتر ئەو خەونە یەکبین دووپات ببێتەوە، ئەو مافەمان نییە گردەبڕانە بێژین: ئێمە هێشتان وەک ئەو کەسانە دەژێین وا ئەو وێنا ئوسوورەییانەنیان ئافراندووە؟

لێرەدا یۆنگ چەند نموونەیەک دێنێتەوە، نان (Host)ی خوانی پیرۆز (Eucharist) لە ئاردی سپی درووست دەکرێت و پارچەکانی بەسەر خەڵکدا دابەش و ورد دەکرێن. تا ئەمڕۆکەش کونکردنی نان بە نێزەیەکی کانزایی یەکێکە لە سرووت و دابەکانی کڵێسای یۆنانیی (کڵێسای ڕۆژهەڵات)، لە سرووتی ئازتەک (Aztec)دا هویتزیلەپۆتچلی (Huitzilopochtli)[8] دەکوژرێت، بە نێزەیەک کوناودەری دەکەن. جەستەی لەو هەویرە پێک هاتووە وا لە دانەوێڵە درووست کراوە. ئەو

---

[8] خواوەندی هەتاو و جەنگ و پارێزەر و پشتیوانی شاری تنۆتچیتلان و هەروەها یەزدانیی نەتەوەیی مەکسیکییەکانی تنۆتچیتلان بوو.

بەکاربردنەی لە خاچی یوکاتان[9] دەیانکرد: ئوستوورەی دینۆسیۆس.

دەروونشیکاران لە کاتی تیماری نەخۆشاندا تێگەشتوون زریانی ئەم وێنانە لە دەروونی نەخۆشەکانەوە چەپۆکانیانە. ئەو وێنا نەستەکییانەی وا هێژای بەرواردکردنە لەگەڵ تێگە ئوستوورەییەکاندا. جا ڕوون بووەتەوە ئەمانە یەکێکن. تەنیا یەک شێواز هەیە: شێوازی بەرواردکاریی. توێکاریی بەراوردکارانە. ئاییناسیی بەراوردکارانە، ئەی دەروونناسی بەرواردکاریی بۆ نا؟ گەر بازنەیەک بکێشین و دابەشی سەر چوار بەشی یەکسانی بکەین، وا بیر بکەینەوە ئەمە بیرۆکەیەکی فەلسەفییە و چینییەکانیش وایان بیر کردووەتەوە، هەروەها هیندییەکانیش. گەلۆ وا بیر دەکەیتەوە کاتێ منیش ئەم کارە دەکەم شتێکی جیاواز دەکەم، نازانستییە؟! تەنیا کەمینەیەک بیری سرووشبەخشیی ئاسمانیی تێمان گەدەن. لە ئەمریکا ویلیام جیمز هەبوو، لێ زۆرینەی خەڵک نەزانن، هەوڵ نادەن هەندێ شتی بنەڕەتیی سەبارەت بە خۆیان بزانن. هەموو ئەم کارانە پێویستییان بە لاتین و یۆنانە!

(لێم پرسی هەرگیز کەڵکەڵەی ڕاڤەی بەرهەمی هونەرمەندانی هاوچەرخت هەبووە، بۆ نموونە پاوڵ کلی (paul klee)، من تازە لە بێرنەوە هاتووم، لەوێ خوشکە پیرەکەی کلی و فلێکسی کوڕیم دی و بەدواداچوونم بۆ بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئەم هونەرمەندە کرد.)

نا، ئیتر ناتوانم خۆم بە هونەری هاوچەرخەوە خەریک بکەم. زۆر

[9] Yucatan: نیمچەدورگەیەکی مەکسیکە.

ترسناکە، جا بۆیە نامەوێت هیچی لەبارەوە بزانم[10]. سەردەمانێک حەزێکی بێسنوورم بۆ هونەر هەبوو. نیگارم دەکێشا، پەیکەرم دەتاشی و هەڵکۆڵیکینی دارینەم دەکرد. هەستێکی باشم بۆ ڕەنگ هەبوو. کاتێ هونەری هاوچەرخ هاتە گۆڕەپانەکە، تەنگەژەیەکی گەورەی دەروونناسانەی بۆ هانیم. پاشان سەبارەت بە پیکاسۆ و جۆیس نووسیم[11]. لەوێدا شتێک تێگەشتم کە زۆر کردەیی نەبوو، واتە هەمان ئەو شتەی وا منی ڕووبەڕووی نەخۆشەکانم دەکردەوە. ئەم خەڵکانەش شیزۆفیرینیی یان نەخۆشی دەمارییین، نەخۆشانی دەماریی بەدەست تەنگوچەڵەمەکانی سەردەمەکەمانەوە دەناڵێنن. ئەوان بە هۆی بارودۆخی ژیانیانەوە ئازار دەچێژن. هونەر خوێن لە بارودۆخی سەردەمەکەمانەوە وەردەگرێ و ئەم دۆخەی ئێمە دەدەڵێنێتەوە. بەم پێودانگە هونەرێکی پێشبینییکەرانەیە. قسەمان بۆ دەکات، وەک چۆن ڕووەک باسی سرووشت و زەویمان بۆ دەکات. سەردەماوسەردەم. نەخۆشەکانم نیگاری پێکچوو دەکێشن. کاتێ دەئاڵۆزێن، گشت وێناکان تێکەڵ دەبن. پاشان ترس هەڵیان دەگرێت. هەرشتێک بکەوێت و پارچەپارچە بێت هەڕەشەیە و ئێمە دەترسێین. ئەم ترسە شەبەیخوون دێت. ئەم هونەرە چی دەڵێت؟ ئەم هونەرە ڕاکردنە لە جیهانی هەست.

---

[10] یادداشت: جی، پ، ئادین: نەمتوانی ئەو خەیاڵە لە سەرم بڕەوێنمەوە کە ڕەنگە ئەو ڕۆژێک بیروڕای بگۆڕێ و شتێک لەمەڕ کەسێتییەکی ئەرێنیی هونەری مۆدێڕن بنووسێ. لێ لەو نامەیەی وا لە سێی سێپتێمبەری ١٩٥٥ بۆی نووسیم، بە پێچەوانەی ئەمەوە دڵگاوی کردم: "... بەداخەوەم کە پێتان دەڵێم ناتوانم حەزی ئێوە بۆ نووسینی بابەتێک لەمەڕ کۆکۆشکا 'Kokoschka' بەدی بێنم. سەرەتا دەبێت ئاشنای بەرهەمی ئەو هونەرمەندە بم، ئەمەش چەرمەسەرییە بۆ من. بەداخەوە بارودۆخم زۆر سنووردارە. هەروەها ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم قسەی زۆرم لەمەڕ هونەری مۆدێڕنەوە پێیە. زۆرینەی بەرهەمی نوێ نامۆن بە پانتایی مرۆیی و بە شێوەیەکی چەپەڵ یادهێنەری ئەو شتەن وا لە پزیشکایەتییمدا دیتوومە. گەر ناچار بام سەبارەت بە سرووشتی ئەو شتەی وا لە بیری ئێوەدایە بنووسم، حەزم دەکرد لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی ڕەخنەییەوە بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بکەم. جگە لەمەش، هونەر بە نزیکترین شێوە گرێدراوی ڕۆحی زەمانە. هەروەتر شتی زۆر لە بابەت ئەو ڕۆحی زەمانەوە هەیە، کە مرۆڤ بەرهەڵەستیی بکات. ناتوانم بڵێم ئەم کارە سەرنجم ڕاناکێشێ، لێ دەترسم لە توانای من بەدەر بێت."

[11] ئەم وتارانە لە ساڵی ١٩٣٢ بڵاو بوونەتەوە و لە بەرگی پانزەی کۆبەرهەمەکیدا دانراون.

لە ڕاستینەی بەرجەستە. ئەمە دێتە واتای چی؟ هەڵگێرانەوەی چاو بۆ دەروون؟ یەکەمین شت کە خەڵک دەیبینن پاشماوە و کەرتوپەرتی کەلاوەیە و گەشەنەکردنی ڕۆحیان. سا بۆیە لاسایی چاوگە و سەرچاوە دەکەنەوە. خەڵک بە هونەری گەلانی سەرەتاییدا هەڵدەڵێن. ڕاستتان گەرەک بێت ئەمە هونەرە، لێ سەرەتاییە، کەسەکە لاسایی نیگارکێشانی منداڵان دەکاتەوە. شیزۆفیرینییەک هەمان کار دەکەن، تا ئەو جێیەی ئەو کارە نیشاندانی ئارەزوو بێت بۆ هونەری سەرەتایی، بەهایەکی ئەرێنیی هەیە، لێ وێرانکردن درووستکرنەوەشی گەرەک، منیش هەمیشە لە پاشماوەی کەلاوە دەترسێم. نیگەرانی وێرانەکانم. نیگەرانی هەوڵی ئەقڵ و دەروونی ناتەوان بۆ شتێکی تازە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە هێشتا بەو خاڵە نەگەیشتووین تا شتەکان پێکەوە گرێ بدەین، ئێمە هێشتان ناتوانین بەوە بگەین، چونکە بۆیە جیهان دووکەرت بووە، پەردەی ئاسنین...

**داخۆ هۆکاری سیاسیی پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە؟**

پێم وابێت بەڵێ! نووکی سیاسەت وەک شمشێرەکەی دیمۆکلیس خۆی لە ملی ژیانمان هەڵدەسوێ، ساڵی ١٩٣٣ گۆڤانی زۆرترین وێرنکاریی بووین. سەرەتا نازییەکان بوون. لە دوو دۆخدا ئەوان هاتوونەتە ئێرە، گەر پێیان کرابا، گوللەبارانیان دەکردین، دەی، من سەبارەت بە جیهانی دواتر دەدوێم. گەر ڕووسەکان بێن، 'تەپۆڵەکەی وێرانە'مان بە تووشەوە دەبێت، تەنانەت گەر سەریش بکەوین، زۆر باش مسۆگەرین هەمان ئەو کارانە دەکەین وا ئەوان دەیانکردن، بە هەمان ئەو ڕێبازانە، لە ئەمریکا کاتێک گەرەکیان بێت ڕووبەڕووی مافیاکان ببنەوە،

یارمەتیان لێ وەردەگرن، واتا ئێمەش وەک ئەوانمان لێ هاتووە، من سەبارەت بە تەپۆڵکەی وێرانە ڕەشبینم. دۆزینەوەیەکی تازەی دەروون، ئەو دۆزینەوەیەی هێزمان دەداتێ تا پشتەوەی تڵاشەوپڵاشەی کەرتوپەرتی منداڵکاریی[12] ببینین، لە سۆنگەی ئەم دۆزینەوەیەوە وێنای ڕاستەقینە ئاشکرا دەبێت، دۆزینەوەیەک کە درووستکەرە. واتە ئەوەی من چاوەڕێیم، دەبێت ئەم خەیاڵە بە شێوەیەکی ئەزموونیی کردەیی بکەینەوە. وەک ئەوکاتەی وا بیرۆکە و چێوەیەکی زیندوو بوو، ئەو زەمینە کاتمەندەی لە ڕووی مێژووییەوە بۆی لواوە. من هەمیشە ئاماژەم بەمە کردووە. کیمیاگەر پێی دەوت بازنە. ئەوە بیرۆکەی تەواوکۆییە. چینییەکان پێیان دەوت تاو. یەکێتیی دژەکان لە کۆدا. لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە ئەم ڕێکارە لە هەرێمی شامرۆڤی دەروونییماندا ڕوو دەدات، نەک پانتایی کەسێتیی من (I). زەمینەی دەروونناسییش بۆ ئەمە ڕەخساوە. من ئەمە وەک چێوەیەک دەبینم، یان ئەگەر پێتان خۆش بێت وەک بیرێک. ئەمە جگە لەوەی بیری بێ چێوە سەرومڕ مەعنەوییە. ئەو بیرۆکەیەی منیش چێوەیە، وەک پیاوێکی جەستەمەندە. گەر جەستەی نەبێت نایبینن. دەبێت چێوەکەی بەرجەستە بێت، هاوکات بیریش.

**داخۆ پێت وایە زانست کاریگەرییەکی نەرێنیی کردووەتە سەر مرۆڤی نوێ؟**

زانست تەنیا یەکێکە لە سەرچاوەکانی خراپە، جگە لە زانست، تەکنۆلۆژیی و ئایین و فەلسەفە و هونەریش هەن، هونەری نوێ

---

[12] Infantalism

بانگەشەی هەمان وەیشوومە دەکات، ڕۆڵی نەرێنیی ئەقڵ، ئەقڵگەرایی، نەک تەنیا زانست، هەمووان دەستیان بەم گوناهە چەپەڵە، هەر شتێک نائەقڵانیی نیشانی بدات و نەهێڵێت سەرکەوێت، بەرپرسە. (خوازانین هۆکاری خۆی هەیە)، ئەم ڕێکارە وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی لە شۆڕشی فەڕەنسادا گۆڕەپانەکەی داگرت، هەر هەمان شۆڕشە ئێستا خەریکین ئەزموونی دەکەین، سا ئێمە ئەقڵمان بۆ پلەی باڵاتر لە یەزدان هەڵبڕیوە.

(مەبەستی یۆنگ پێم وابێت یەزدان یان یەزدانان ڕاستینەیەکی بابەتیی نەبوو. هەموو ئەوەی ئەو وەک دەروونشیکارێک دەیڵێتەوەیە ئەوەیە کە خوا شاهێمایەکە، کەواتە دەبێت دەروونی مرۆڤی بۆ بگەڕێین، کەواتە دەتوانین ئەوە بە وێنای خوا بزانین، من بە زانایی و ئەنقسەت خۆم چەواشە کرد تا ناچاری بکەم ڕاشکاوانەتر ئەم پرسە هەڵڕێژێ، وتم مرۆڤی نوێ ناتوانێت لەگەڵ بیروباوەڕی بناژۆخوازیی ئاشت بێتەوە و گەر ئەم بابەتە دیرۆکییە بێتە دی، هێژای تێگەیشتنە.)

دەکرێ بیروباوەڕی بناژۆخوازیی ڕاست بێت، ئەوانە هێمان، هیچ شتێک ناتوانێ لەوە باشتر بیاندرکێنێ، لێ باوەڕداران ئەوانەیان ئەقڵانیی کردووەتەوە. ئێمە بە ڕێبازی دەروونناسانە ئەم شانۆگەرییە ئاسمانییە ڕاڤە دەکەین، ئیلاهییات یەکێکە لە هۆکارەکانی بێڕۆحیی. کاتێک زانست بانگەشەی تاقانەیی دەکات، کاتێک کەشیش خۆی بە لایەنگری ئەقڵ دەزانێت، هونەر کاتێک باوەڕی بە جوانیی لەکیس دەدات و تەنیا لە دەروون دەنواڕێ، واتە بەو شوێنەی وا وێرانەی لێ بترازێ هیچی لێوە وەچنگ ناخرێ، ئەمانە ئاوێنەی ژیانمانن: سەرپاکی

ئەمانە گەرەکیانە بێ بوونی کلیلکەی فاوست بۆ هەرێمی دایکان داکشێن. من دەکۆشم کلیلێکم هەبێت و بەو کلیلە دەرگا داخراوەکان بکەمەوە.

## ٢. هەرێمی نەست[13]

گەڕانەوەم بۆ ڤییەنا پاش هەژدەساڵ، گەڕانەوەیە بۆ ئەو شارەی وا فرۆیدی لێوە بەناوبانگ بوو. هەرچەندێک ناکۆکییەکانی نێوان فرۆید و من هەڵبڕانی چێ کردووە، لێ وەفا من ناچار دەکات یادی فرۆید و ژانێ[14] وەک ئەو کەسانەی وا ڕێبەری من و ژیانە زانستییەکەم بوون، بەرز ڕاگرم، هەروەها ڤییەنا بۆ من واتای ناسینی تازەی دکتۆرێکە، کە تیۆرییەکانی پەیوەندیی و نزیکییەکی زۆر پاڵەکیی و گرنگیان بە سیستەمەکەی منەوە هەیە، مەبەستم بێرنارد ئاشتەرە، Humoral pathologie و Konstitutionslehreی ئەو پێکچوون و لێکچوونی لەگەڵ سیستەمی دەروونشیکاریی مندا هەیە. لە سەدەی نۆزدەدا، واتە چەرخی تەکنەلۆژیا و زانستی خولەکیی، لە شهوود و ڕۆشنایی ساڵگاری پێشینی مێژوو فرە دوور کەوتووینەتەوە. بە باوەڕی من بیری سەرپاک ڕۆشنبیریی شیکاریی مادەگەرا و میکانیکیی بۆ کۆلانێکی بنبەستی پەلکێش کردووین. جا لەم ڕوانگەوە دەروونشیکاریی پێویستی بە زانستێکی ئاوێتەیی و شهوودییە. شێوازە

[13] لە ساڵی ١٩٢٨ یۆنگ بۆ وتاربێژیی لە دەزگای کولتووورباند میوانداریی کرا، لەوێ ڕۆژنامەکان ئەم دیدارە و دوو دیداری پاش ئەمەیان لەگەڵ ساز دا.

[14] پییەر ژانە (١٨٥٩– ١٩٤٧) دەمارناس و دەروونناسێکی فەڕەنسییە. یەکێک بوو لەو یەکەمین کەسانەی نەستی ناسی، هەرچەند دژبەری دەروونشیکاریی بوو. یۆنگ نێوان ساڵانی (١٩٠٢– ١٩٠٣) لای خوێندوویەتی.

پزیشکییەکەی ڕێبازی نەخۆشناسیی ئاشنەر، ، پتر بەپێی شهوود بوو. بە هەڵکەوت لە ڕێی وەرگێڕانی پاراسلووس[15]ـەوە دۆزیبوویەوە، ئەمە هۆکارێکە بۆ من تا گرنگترین بەرچاوڕۆشنیی لەمەڕ زەین و جەستە لەو ڕێگانەوە چنگ بخەم وا هیچ لۆژیکیی نین.

کارێکی دژوارە من بێم تایبەتمەندیی ئەزموونەکانم لە چەند وشەیەکدا ڕوون بکەمەوە. کاری سەرەکیی من تۆژین و کۆڵینی نەستە. جا هەرچەندە فرۆید پێی وایە بۆ چارەسەری نەخۆشانی دەماریی، تەنیا هێندە بەسە نەست بکەینە هەست. وەک دەزانیت ڕیشەکەی بۆ مژاری زایەندیی دەگەڕێنێتەوە. من پێم وایە پێویستە ئەو شەپۆلانەی وا لە وێڵاشی نەستەوە فیچکە دەکەن، لەگەڵ هەستدا بیانساچێنین. من هەوڵ دەدەم خەیاڵاتی نەست لە هەستدا لەگۆڕ نێم، نەک بۆ وێرانکردنی، بەڵکوو بە مەبەستی فراوانکردن و تەواوکردنی. بۆ نموونە ئەو بازرگانەی وا نەخۆشی دەماریی هەیە، ڕەنگە بیسەلمێنم نەخۆشییە دەمارییەکەی بۆ ئارەزووە هونەرییە بەدینەهاتووەکانی دەگەڕێتەوە. لە سۆنگەی خەوپەرژێنییەوە تێ دەگەم لێهاتوویە تایبەتەکەی چییە و گەر پێم بکرێ ناچاری بکەم هۆنراوە بهۆنێتەوە، نیگار بکێشێ، ئاواز بچڕێ، ئەمە باشترین دەرمانە. ڕەنگە ئەم کارانە لە ڕوانگەی هونەرییەوە سەرتاپێ هەڵۆڵ بن، لێ بۆ ئافرێنەرەکەی بەهایەکی مەعنەویی فرەی هەیە. فراوانکردنی خەیاڵ و فانتازیا دێتە واتای تەواوکۆیی مرۆیی ئێمە.

---

[15] Paracelsus: پزیشک و گیاناس و ئەستێرەناسێکی ئەڵمانیی- سویسرییە. گرنگیی بە جیهانی بانسرووشت و ڕۆح و میتافیزیک داوە.

لەم بەستێنەدا بیری ئایینیی بێئەندازە گرنگ دەبینم. مسۆگەر مەبەستم کردەیەکی دیارکراو نییە. تەنانەت گەر بەو ڕەنگەش بێت، من وەک پرۆستانتێک تەواو لێم ڕوونە، لە بابەتی ڕێکار و ڕێچاردا، هیچ شتێک وەک کاتۆلیک هاوتای دەروونشیکاریی نییە. هێما و سرووت و پەرستشی کاتۆلیک گورزێک بابەت دەخاتە پێشدەم نەست. تا نیشانی بدات ئەوانە وەک ژەمێکی خۆراکیی بێوێنە ڕۆڵ وازیی دەکەن.

گەشتەکانم بۆ ئەفریقا و نیومەکسیکۆ هەلێکی بۆ ڕەخساندم تا لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لە دەرکەوتەکانی نەستی مرۆڤی سەرەتاییدا ئەنجام بدەم. توانیم باوەڕ بە خۆم بێنم بیرۆکە ئایینییەکانیان خۆڕسک و سرووشتیین، جا نابێت بە هیچ کلۆجێک ئایین وەک بەرهەمی نەخۆشیی دەماریی بناسرێت، ئیمڕۆ لە هەندێ لە بڵاوکراوەکاندا بانگەشەی ئاوا دەکرێن. هێشتاش ئەو دوو خۆجێییەی ئەفریقای ڕۆژهەڵات بیر دێنمەوە، لەگەڵ ئەوان بە چیایەکدا، کە دەهەزار پێ بەرز بوو، هەڵدەگەڕاین، شەو ئەوان لە ترسا وەک بی ناو ئاو هەڵدەلەرزین. کاتێک هۆکاری ئەو پەرێشانییەم لێ پرسین، یەکێکیان وەڵامی دایەوە: (گشت شتێک لیپاولیپە لە ڕۆح). ئێوارەی چوارشەممە دەمەوێ لە کولتوورباند لەمەڕ (پێکهاتەی ڕۆح) قسە بکەم. باسی سرووشتی بیر و هەست و ئیدراک و ئیشراق و ئارەزوو و غەریزە و ئەو خەیاڵانەی وا لە نەستەوە چەپۆکانیانە، بکەم، هیوادارم دەروازەیەک بێت بۆ چارەسەری نەخۆشیی دەماریی. کاتێ سەرنج دەدەیت شێوەی چەشناوچەشنی نەخۆشی دەماریی، بە تایبەت ژمارەی نەخۆشانی داچەکیوی گەورەشارەکان، یەکبین هەڵدەکشێ. گەر باری ئەو

هەستکردنە بە ژان و کڵۆڵیی و دڵتەنگیی و خۆکوژییە ڕەچاو بکەیت وا نەخۆش لە دەروونیدا هەڵی گرتووە، ئەوا دەبێت ڕێزی ئەو ململانێیەیان بگریت.

## ٣. گەڕان بۆ منی دووەم

بە باوەڕی من ڕەهەندیی زایەندیی ئەو ڕۆڵە باڵکێشەی لە ژیانی دەروونییدا نییە وا فرۆید و پەیڕەوانی پشتیان پێ دەبەست. بە گشتیی وزەی سێکسیی بەرهەمی ڕژێنە جەستەکییەکانە و ڕاست نییە گەر کتومت مێشک بە لقێکی ڕژێنی زایەندیی بزانین. لە تێگەشتنم بۆ خەون و گرنگییەکەی بۆ دەروونی نەخۆشیش، دیسانەوە هاوڕای فرۆید نیم. وەک دەزانین ئەم لێکۆڵەرە مەزنەی ڤییەنا خەون بە بەدیهاتن و وەڕاستگەڕانی ئارەزوو دەزانێ، ئەو ئارەزووانەی، لەبەر چەند هۆکارێک، لە کاتی بێدارییدا، لە چاڵی نەستدا چەپێنراون، بەپێی گریمانەکەی ئەو، لە خەوندا ڕێی گەڕانەوەیان بۆ نێو ئاگایی دەدۆزنەوە و پانتاییەکی وێنەکیی و خەونەکیی ڕەنگڕێژ دەکەن. لە ڕوانگەی منەوە خەون قەرەبووە، قەرەبووی دۆخی بێداریی. گریمانەی ئەوە دانێن من لە دۆخێکی نەخوازراودام و دەبێت نیگەرانی بم، لە بێدارییدا، لەبەر چەند هۆکارێک، نیگەران نیم، جا بۆیە لە خەوندا نیگەرانی دەبم، خەونەکەی من ئەو نیگەرانییەیە وا نەمبووە. بەپێی فرۆید ئەو پزیشکەی نەخۆشێکی دەماریی تیمار دەکات، هەوڵ دەدات ئەو ئارەزوو و کەڵکەڵانەی لە بنهۆشدا نێژراون، هەڵکۆڵێ و بە مەبەستی

تارومارکردنیان بیهێنێتە پانتایی ڕۆشنی ئاگایی. شێوازی من جیاوازە، نابێت ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەی وا بوون بە ئاگایی، لەناو ببرێن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێت گەشە و پەرەپۆ بکەن. نموونەیەک ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە، لە هەموو کەسێکدا هونەرمەندێک نوستووە، ئەم بابەتە ئەوکاتە بۆ زانایان ڕۆشن دەبێتەوە، هەینێ دەبینن جەنگاوەرێک نێزەکەی بە پەڕ دەڕازێنێتەوە، یان سپەرەکەی دەنەخشێنێ. لە جیهانە میکانیکییەکەی ئێمەدا ئەم پێویستییە بۆ ئافراندنی هونەریی، لە سۆنگەی دووبارەکاریی ڕۆژانەوە، دەچەپێنرێ. سا پتر دڵەڕاوکەی دەروونیی دەخاتەوە. گەرەکە دیسانەوە هونەرمەندە لەبیرکراوەکە لە تاریکایی هەرێمی نەست دەرکێشین. بۆ دەربڕینی ئارەزووە هونەرییەکانی ڕێی بۆ تەخت بکرێت. گرنگ نییە گەر ئەو نیگار و هۆنراوانەی وا بەرهەمی دێنێت، بێنرخ بن.

هاوڕێکەم، نووسەری گەورەی بەریتانیی، ئێچ، جی، وێڵز، وێنایەکی سەرنجڕاکێشی ئەم دۆخەی لە ڕۆمانێکدا کێشاوە، شاکەسی ئەم ڕۆمانە کریستینا ئەلبێرتا فاتەرە، بازرگانێکی تازەپیاکەوتووە. لە ژینگەی بێزارکەرەکەر و کاردا تەواو گیری خواردووە. لێ لەو کەمە کاتەی پشوودا منەکەی تر نەختە نەختە سەر لە نەستەوە هەڵدەبڕێ، ئەو پێی وایە وێنای دووبارەی فەرمانڕەوای بابل، سارگۆنی یەکەمە، واتە بەرجەستەبوونەوەی تازەی شاهی شاهان، لە هەریەکێک لە ئێمەدا جۆرێک لە سارگۆن بە شێوازی جیاواز زڵتەی چاوی دێت. کاتێک (منەکەی تر) ناتوانێت لە نەستمانەوە سەر بکات و بڕستی پێکهێنان و گەشەی خۆی نییە، ئەوا ڕیزێک شێوانی دەروونیی ترسناک دێنێتە

گۆڕێ.

لە گەڕان و تۆژینەوە لە نەستدا بۆ منەکەی تر، بۆ تەواوکۆیی، لەو مرۆڤانەی وا لە جیهانیی میکانیکیی سنوورمەنددا پەلبەست کراون و بەرهۆی گەڕانەوەیانە بۆ لای سەرەتایەتیی، هێندە بەسە لەو حەزە بێسنوورە بۆ میسرِی دێرین ڕامێنی کاتێک گۆڕی توت ئەنخ ئاموون دۆزرایەوە. سی-چل ساڵێک پێش ئێستا گۆڕەکە تەنیا بۆ چەند سەت کەسێکی بوارەکە ڕۆژەڤ بوو. پەیوەندیی بەو زۆرینە خەڵکەوە نەبوو وا هێشتان هەموو شتێکی میسرِیان پووچەڵ و سەرومڕ هەڵۆڵ دەبینی. مرۆڤ دەبێت دیسانەوە بیر لە ئارەزووی شێتانە بۆ سەمای ڕەشپێستان و شارلستۆن و جاز بکاتەوە. هەموو ئەمانە نیشانەی ئارەزووی گەورەی ڕۆحی گەلن بۆ گەشە و فراوانیی تەواوتری ئەو وزە خودییانەی وا لە دەروونی ئێمەدان و سەرەتاییەکان پلەیەک باڵاتر لە ئێمەیان هەبووە. هەموو ئەمانە هێشتاش لە ئەمریکا ڕوونترن. لەوێ ژنانی ملیۆنێری ئەمریکیی لەگەڵ سەردەستەی سوورپێستەکان هاوژینیی پێک دێنن، فیت ئەمەیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئێمە جووتی فەرهەنگیین.

## ٤. گەڕانەوە بۆ خۆشییەکانی چەرخی زێڕین

جیهان تووشی هەژاریی جوانیی هاتبوو، سا خەڵکی دیسانەوە گوێیان بۆ ڕۆمیان هەڵدەخست، بۆ بیری ئەوان کە گرێدراوی سرووشت بوو. ئەو سەردەمە دێرینەیان وەبیر خۆ دێنایەوە وا هەر بێشەیەک

پەرەستگەیەکی هەبوو. ئەو سەردەمەی وا سەرنجڕاکێشترین خەیاڵ و یەزدان هەر مرۆڤە کامڵەکان بوون. پاش ئەم گەڕە لە ڕێنسانسدا خەڵکان بۆ یۆنانیانی دێرین گەڕانەوە، ڕۆسۆ بانگەشەی گەڕانەوەی بۆ سرووشت دەکرد و کلاسیکەکان (بۆ نموونە شیلەر)، بانگەشەی گەڕانەوەیان دەکرد بۆ هەتاوی هۆمەر. لە سەردەمی ئێستادا دەمانەوێ بۆ سەردەمێکی دێرینتریش بگەڕێینەوە، لەم سەردەمە کلۆڵەماندا ئەو سەردەمانە لە پێش چاوە برسییەکانماندا پرتەیان دێت وا مرۆڤ گرێی دڵی بۆ هەور و خۆر و با و گەردەلوول دەکردەوە: چەرخی زێڕینی مرۆڤ. وەک چۆن ئێستایش لە پەناوپەسێران و لای گەلانی سەرەتایی ڕەنگی داوەتەوە. ئەم چەرخە هەرچەندە پتر ڕۆشن دەبێتەوە، لێ ئێمە لاپرەسەنانە بە درەختی نەژادەکانی ئێستادا هەڵگەڕاین. بۆ پێشێ بۆ لای میسرِیانی کەونار و بابلییان، ئەو هۆزانەی پەڕتووکی پیرۆزیان هەیە و نەژادیان. لە ختوخۆڕایی نییە هەڵکۆڵینەکانی میسرِ و دۆڵی دووئاوان ئەو کەڵکەڵەیەی نەخشاندووە. بە هەڵکەوت نییە ژیاریی ئێمە ئاوا هەڵوەدای ستران و سەمای ڕەشپێستانە. گشتمان پێمان خۆشە بۆ ماڵی بگەڕێینەوە، بۆ شادمانییەکانی چەرخی زێڕیین، کە ڕێمان دەداتێ سرووشتیی و شکۆدار و ئاگامەند بین لە توانای خۆمان و دەستمان لە دەستی سوێ و نەخۆشیی دەماریی ببێتەوە.

هۆکارناسیی نەخۆشیی دەماریی شاخەرەندیی تیۆریی من و فرۆیدە. بەم هۆکارە من پانزە ساڵ پێش ئێستا کاری پێکەوەییم لەگەڵی پچڕاند. مانەوەی کاتیی من لای خەڵکی ئەفریقای ڕۆژهەڵات و سوورپێستانی

پۆبلۆی نیومەکسیکۆ پێی سەلماندم هۆکاری نەخۆشیی دەماریی هەر چەپاندنی غەریزەی زایەندیی نییە. دەکرێ چەپاندنی هەر غەریزەیەکی تری سەرەتایی وەک برسێتییش، ببێتە هۆی نەخۆشیی دەماریی. بە هەمان شێوە ڕێگای من و فرۆید لە لێکدانەوەی خەونیشدا سەرتاپێ لێک جیاوە دەبن. لە کاتێکدا ئەو هەمیشە بۆ هۆکاری زایەندیی دەگەڕێ. من بۆ دۆزینەوەی چاوگی خەونەکان لە کاریگەریی ئوستوورەی چاخە دێرینەکان دەکۆڵمەوە. چاوگەی ئەمە بۆ دوورترینی بابوکاڵی ئێمە دەگەڕێتەوە و لە یادەوەریی نەستەکیی ئێمەدا وەنەوز دەدات. لە شەودا خەبەریان دەبێتەوە و قەرەبووی گۆشەنیگا چەوتەکانی مرۆڤی مۆدێرن سەبارەت بە سرووشت دەکەنەوە. شیزۆفیرینییەک لە نۆڕینگەکەمەم پێی وتم لوولەیەک لە خۆردایە و گیڤەی بای لێوە دێ. ساڵانێک دواتر دەستنووسێک دۆزرایەوە کە بۆ یەکەم جار گیڤەی بای ئەو لوولەیەی خۆری لە ئوستوورەناسیی چەرخی دێریندا بۆ زانست ڕوون کردەوە. ئەو ئوستوورەیەی کە نەک تەنیا لە دەستنووسێکی دێریندا هاتووە، بەڵکوو لە قووڵترین توێژی زەینی ئاگامەندی نەوەبەنەوەدا بە بۆماوەیی ماوەتەوە. جا لە دۆخێکی ئاوارتەدا ئەم خەیاڵە چوارمێخەکێشراوە هەلی بۆ هەڵدەکەوێ بە شێوەیەکی دەرەڕاڤە بتەقێتەوە، ئەوەی لە ڕۆژدا لە بن ئاستانەی ئاگاییدا دەمێنێتەوە، چ لە ژیانی ئێمە و چ بابوکاڵمان، وەک ئەو هەقیقەتەی وا پاش مەرگی خاوەنەکەی ئاشکرا بووە، لە خەونەکاندا زیندوو دەبێتەوە.

پەروەردە و فێربوونی باش چاکترین چەکن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

شێوازە هەمەچەشنەکانی نەخۆشیی دەروونیی کە نیورۆسیس (Neurosis)ی پێ دەڵێین. لە ئەزموونی مندا پەروەردەیەک، کە زۆر دژوار نەبێت، باشترین ڕێچارەیە، بە زۆریی خەڵکان ئەمە بە پەروەردەیەکی چەوت دەزانن، گەر ئەو ڕێگەیە یارییتان نادات، بکۆشن تا ئەو هونەرمەندە پەنهانەی لە هەموو مرۆیەکدا وەنەوز دەدات، لە خەو هەڵسێنن. مۆڵەتی بدەن تا ئەو وێنا نەکێشراوانەی وا لە دەروونیدا هەڵی گرتوون، بخاتە ڕوو. ئەو هۆنراوە نەنووسراوانەی وا لە دەروونیا چەپاندوونی، ئازاد بکات، جا ئاوا یەکێ لە سەرچاوەکانی دەروونپەشێویی دەنیشێتەوە. تەنانەت گەر ئەو بەرهەمەی نەخۆش بەرهەمی دێنێ، لە ڕووی تەکنیکیی و هونەرییشەوە، شتێکی وا نەبێت، دیسانەوە یارمەتیی دەدات تا دەروونی ئازاد و پاکژ بێتەوە.

ڕۆڵی وەهم و خەیاڵیش، کە مەزهەب پاڵپشتیی دەکات، دەستنێژێکی بەهادارە بۆ دەروونناس. کاسۆلیک بە تایبەت بەو داب و سرووتانەی پاڵپشتێکی پتەوی خەیاڵ و وەهمە. هەر بۆیە من لە کارە زانستییە دەروونشیکارییەکانمدا تێگەیشتم باوەڕدارە کاتۆلیکەکان کەمتر لە نەخۆشانی دەماری ڕەنج دەکێشن و ئاسانتر لە پرۆستانت و یەهوودییەکان چارە دەبن. هۆکاری زۆر بۆ پێویستیی مرۆڤ بە ئایین و گرنگییەکەی، وەک غەریزەی یەکەمینی مرۆڤ، بەردەستن و پێشینەیان بۆ بەرەبەیانی مێژوو دەگەڕێتەوە. کاتی خۆی ئایین کەرتێکی نەستەکیی مرۆیی بوو، لێ ئێستا کەرتێکی ئاگاییە. خۆراکێکی ڕۆحییە و پزیشک کاتێ بیەوێت نەخۆش بەئاگا بێنێتەوە، گەرەکە ڕەچاوی بکات. تا باری ئەو گشتە بزرکانە دەروونییەی لە سەر شان

داگرێ، ژینگەیەکی باشتر بۆ فڕینی ئازادانەی خەیاڵ بساچێنێ. توانا ئاشکرا و شاراوەکانی پەروار بکات، هاوسەنگتری بکات. بە وتە دیارەکەی هۆنەرانی یۆنان ڕێبەری بکات: ببەرەوە بە خۆت.

گرنگیی دەروونکدرووستیی و ترسناکیی دەروونناخۆشیی لەو ڕاستینەوە ئاشکار دەبێت کە ئەویش فیت وەک نەخۆشییەکانی تر مەرگی ژێر ئاوە. نەخۆشیی دەروونیی هیچی لە خۆکوژیی بێدەنگ کەمتر نییە و دەبێتە هۆی ئەوەی قۆناغە ترسناکەکەی بە کۆتاییەکی مەرگهێن ببڕێتەوە. لە زۆر جووتی فەرهەنگییدا تێکچوونی مێنتاڵێتیی[16] درووست دەبێت، کاتێک دەروونشیکار وەک مرۆڤ لێیان نزیک دەبێتەوە نەک نموونەی پزیشکیی، دەبێت بتوانێت ئەوانە لە سرووشت نزیکتر بخاتەوە. سرووشتییتریان بکاتەوە، ئەوەی سرووشت لێیان دەخوازێ، وەک هەزاران ساڵ پێش کە دەژیان. گەر ئەو توانستانەی پێمان دراون، پێش ئەنجامدانی کاروباری ژیان، تیا چوون، گەر ژاکان، یان گاڵیان هێنا، ئیتر فڕینی ئێمە لە سرووشتەوە بەرەو سەرزەنشت و سەرکۆنەیە. دوورکەوتنەوەیە لە سەردەمی زێڕینی بابوکاڵ و تەنیا لە خەونەکاندا بۆمان دەگەڕێنەوە، ئەو فڕینەی دەبێتە هەوێنی سرووشتێتییەکی چەپێنراو و شارستانیتیبوونێکی چەوسێنەرانەی دەروون.

---

[16] Mental illness

## ٥. پیرەپیاوی دووملیۆنساڵە

پێش ئەوەی بێمە ئێرە ئەو هەستەم هەبوو وا لەوانەیە هەمووان سەبارەت ئەورووپا هەیانبێت، ڕۆزڤێڵت هەڵپەرەستە، ڕەنگە حواحولییش بێت، ئێستا ئەوم دیت و لە هارڤارد گوێم لە قسەکانی گرت، دەی، تێگەشتم نا، پیاوێکی مەزنە، بە ڕاستیی پیاوێکە گەورەیە، ڕەنگە هەر لەو سۆنگەوە بێت زۆر کەس چارەیان ناوێت.

(دکتۆر یۆنگ ڕێزی لە دیکتاتۆرەکان دەنا، دەرکەوتنی ئەوانی ئاوا هەڵسەنگاند: خەڵک دەیانەوێ ئەرکە دژوارەکانی بەڕێوەبردنی کۆهەست (واقع) بخنە ملی ئەوانی دی، چونکە خەڵک دەبێت ئازاد بن تا قۆناغەکانی گەیشتن بە تاکایەتیی ببڕن، ئەم دەستەواژەی ئاوا پێناس کرد: ئەو تەواوکۆییەی هەمووان بەرانبەر نموونەی خودیی بوونیان چنگی دەخەن.

خەڵک لە تاو جەنگ زرمەی سەریان دێت، ئەوەی لە ڕووسیا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا ڕوو دەدەن، پشووی لێ بڕیون، نازانن ئەم ژیانە نرخی هەیە یان نا. چونکە باوەڕ و فەلسەفەی خۆیان دۆڕاندووە. گومانیان هەیە شارستانییەت گەشەی کردبێت. من ئەم پێشکەوتنە وا دەخوێنمەوە کە لەم دوو ملیۆن ساڵەی دەژیین، وتاربێژیی و بەشێکی پاڵفتەی فیکرمان گەشە پێ داوە. هەروەها ئەوەی بە پێشکەوتنی دادەنێین، لە ڕووی مێژووییەوە گەشەی قارچکێکە لە خەڵووزی بەردین و نەوتدا. بە دەربڕینێکی تر، ئێمە لە خواوەندەکانی یۆنان و ڕۆم زاناتر نین، لێ سەبارەت بە تەنگەژەکانی ئێستا، هێندە بەسە بیر

خۆمانی بێنینەوە جۆری مرۆڤ یەکەم جاری نییە لە گێژاوێکی ئاوادا چاش بمێنێ و ئەو دەزگا سازێنەرە نەستەکییەی نەستمان گۆڤانی ئەم بارەیە.

لە سۆنگەی ئەم دەزگا سازێنەرە مەزنەی دەروونەوەیە تاک خۆی دەدوێنێ، یۆنگ وتی کاتێک نەخۆشێک بەدەست تەنگوچەڵەمەکانی ژیانییەوە گیری خواردووە و دێتە لای من، هەردووکمان پێکڕا خۆمان دەکەینە بەردەنگی ئەو پیرەمێردە دوو ملیۆن ساڵەی وا لە دەروونی هەمووماندایە، سەرەنجامی شیکارییش زۆرینەی تەنگەژەکانمان لە سۆنگەی نەبوونی پەیوەندییە لەگەڵ غەریزەکانمان، یان نەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ئەقڵە فەرامۆشنەکراوە پیرەی لە ئێمەدا بنی گرتووە[17].

سا ئێمە چۆنچۆنیی پەیوەندیی بەم بوونەوەرە پیرەی دەروونمانەوە بکەین؟ لە خەونەکانماندا، خەونەکان دەرکەوتنی بێ فرتوفێڵی نەستی ئێمەن. خەونەکان ئاژگەی دیداری دیرۆکی نەژادیی و کێشە دەرەکییە ڕوون و ڕەوانەکانمانە. لە خەونەکانماندا لەگەڵ ئەو بوونەوەرە دوو ملیۆن ساڵەی دەینوێنینەوە، ڕاوێژ دەکەین، لە کاتی سەرەتاتکێ چەشناوچەشنەکانی وەهمدا ملەجەڕێی لەگەڵ دەکەین، هەر بۆیە من داوا لە نەخۆش دەکەم خەونەکانی بنووسێتەوە، چون بە گشتیی ئاماژە بە خودی ئەو دەکەن. (دکتۆر یۆنگ وتی من هەمیشە خەون دەبینم و

---

[17] Each of us represents: مادام پێکهاتەی کۆنەست هەمان شاهێماکانن و لە گشت شوێنکاتەکاندا وەک یەکن، دەی کەواتە کۆنەستی دووملیۆن ساڵە لە هەمووماندا وەک یەکە. یان ڕەنگە بتوانین بێژین کەموکوت وەک یەکن، لێ هەرکەسە و بە چەشنێک دەری دەبڕێ و بەشێکی دەردەخات، کۆنەست زۆر دێرین و پانوپۆڕە، بۆ نموونە وێنای خودا لەوێیە، لێ یەزدان سەرپاکی پێکهاتەی کۆنەست ناگرێتەوە.

ئەمەش بۆ خەو سرووشتییە، ئەوانەی دەڵێن خەون نابینن - جەختی کردەوە- ئەوە کاتی هەڵسان خەونەکەیان بیر دەچێتەوە، لە هەموو زمانەکاندا پەرڵەپەیڤی وا هەن، کەسەکە بابەتی دژواری لە کاتی خەودا پێ دەردەبڕێ... دکتۆر یۆنگ لێرەدا وتی تەنانەت ئەو کاتەشی بێدارین، خەون دەبینین، خەیاڵ بانگهێشتنەکراو و لەپڕ لە نەستماندا هاتوچۆ دەکات. کاتێک بیرمان وا لە بن باندۆری ماندوویێتیی و خەیاڵی پووچ، سەرەتاتکێ دەکەن.)

گەر نەخۆش نیشانەی نەخۆشیی دەماریی هەبێ، ئەوە ئومێد هەیە تیماری بکەین، ئەم نیشانانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو لەگەڵ خۆیدا تەنیا نییە. ئەم نیشانانەی نەخۆشیی دەماری پێمان دەڵێن کوێ کێشەی هەیە، ئەوانەی هیچ جۆرە نیشانەیەکی دەمارییان نییە، یارمەتیی نادرێن.

## ٦. زەینی سەرمەدیی مرۆڤ

مژاری زایەندیی شابابەتی سەرپاکی زانایانە.

دەکرێ دەروونناسیی خواردنیش وەک دەروونناسیی زایەندیی بکرێتە ڕۆژەڤ. مسۆگەر مرۆڤی سەرەتایی غەریزەی زایەندیی هەبووە، لێ پتر بیری لای دابینکردنی خۆراک بوو. لەوەش گەڕێ، بۆچی دەروونشیکاریی مرۆڤ لە سەر ئەم پایە چەوتە ڕۆ بنێین؟

کاتێک مامەڵە لەگەڵ کەسێک دەکەم کە هاوسەنگیی بیرەکیی نییە، تەنیا

یەخەگیری یەک کردەی تایبەتی بیرەکیی و جەستەکیی نیم، من بۆ بوونە دێرینەکەی دەروونی دەگەڕێم. هەوڵ دەدەم تا توێژاڵی زەینی مرۆیی لە بنوبێخەوە هەڵکۆڵم، فیتاوفیت وەک ئەو زەویناسەی وا کنەوپشکنین بۆ توێژاڵبەندیی زەویی دەکات. ئەو ترسەی مرۆڤی دێرین وا لە ڕێڕەوێکدا پەنگی خواردبووەوە، هێشتاش لە نەستماندا زیندووە. وەک چۆن ئەو ترس و بیرانەی تری مرۆ وا لە ئەزموونی مرۆییەوە و بە درێژایی ڕۆژگاران ڕەنگاون، زیندوون، نەستی مرۆڤ سەرمەدیی و نەمرە.

بۆ نموونە با شتێکی خۆم باس بکەم، لە بومەلەرزەکەی سویسرا لەپڕ هەستم کرد زەوی بوونەوەرێکی زیندووە، گیاندارێکە، یەکەوجێ بیرم کەوتەوە ژاپۆنییەکان باوەڕیان وابوو سەمەندەرێکی زەبەلاح لە ناخی زەوییدایە، کاتێک لە خەودا چەپوڕاست دەکات، بومەلەرزەی لێ دەکەوێتەوە[18]، نەخۆشێکی ژنم هەبوو، دەیوت: کاتی هەورەتریشقە ئەسپێکی ڕەشی زل دەبینێت، ئەمە وێنایەکی تری سەرەتاییە: گرمەکە پێی ئەسپەکەیە کاتێک چوارناڵە بۆ زەوی دەکات، ئەمە چیرۆکی ئەسپی ئۆدینە[19]، هەر ژن و پیاوێک نەتوانێت پەیوەندییمان پێوە گرێ بدات، پێی دەڵێم شێت. لێ گەر بتوانم مرۆڤە دێرینەکەی دەروونی بدۆزمەوە، گەر بتوانم ئەسپی فیلەتەنی ڕەش لە هەورەگرمەدا ڕاڤە بکەم، ئەوا دەتوانم دیسانەوە پردی پەیوەندیی هەڵبەستم، گەر بتوانم ئەو خەونانەی نێو نەستیان ڕوون بکەمەوە، ئەوا سوکوئاسان پێم دەکرێت

[18] بەپێی ئەفسانەیەکی ژاپۆنیی نامازوو (namazu) جۆرێکی پشیلەماسیی زەبەلاحە، بەشێکی گەورەی یابانی بە کۆڵ هەڵگرتووە، کاتێک ماندوو دەبێت، سەر یان کلکی دەلەقێنێ، ئاوا بوومەلەرزە ڕوو دەدات.
[19] ئۆدین: یەزدانی ترس و جادوو و جەنگ و ژیرییە لە ئوستوورەی ئەسکەندەنافییدا.

دیسان پردی پەیوەندیی بۆ دۆخی سەرەتا بگێڕمەوە، هەر لەم سۆنگەوە من نەک تەنیا پەیوەندییم لەگەڵ پزیشکان، بەڵکوو پەیوەندییم لەگەڵ ئایناس و ئوستوورەناسانی سەرپاکی جیهاندا هەیە. هەر بەم هۆکارەشەکە ئێستا خەریکی خوێندنەوەی دەقی سەدەکانی ناوەڕاستی مۆزەخانەی بەریتانیام، توێژی سەدەکانی ناوەڕاستی نەستی ئێمە لەگەڵ ڕووکاری ئاگایی مووی نێوانە.

زانستی پزیشکی ژانی گۆڕانگارییی و گەشە دەگرێت، ئەمڕۆ لە توێژینەوەکاندا پەیوەندیی نێوان جەستە و دەروون پۆلێن و نزیک دەکەنەوە، لەبەر ئەوە نا کە شتێکی تازەی تیایە، پزیشکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە نێواخنی خەونەکە ورد دەبوونەوە، پزیشکیی ڕۆژهەڵاتیی بەپێی دەرووندەرمانییە، واتە چارەسەری نەخۆش لە ڕێی خەوی دەستکردەوە.

بێگومان هێشتا دەروونشیکارییی وەک بەشێکی خوێندنی پزیشکیی هەژمار ناکرێت، کەڵکەڵەیەکی خۆڕسکە، لێ چەوتبینیی و چەوتبێژییش هەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەش من چوارسەت خوێندکارم لە زیوریخ هەیە و کاتێک دادگای تاوانەکان بۆ بڕیاردان لەمەڕ تاوانبارییی یان بێتاوانیی کەسێک چاش دەمێنن، وەک دوا ڕێچارە، داوای یارمەتیی لە من دەکەن[20].

ئێوە لە بیست ساڵی داهاتوودا دەبنە خاوەنی ناوەندی تایبەتی

[20] لەبارەی دیارییکردنی دەروونناسانەی بەڵگە و دەستاوێژەکان (١٩٣٧)، کۆبەرهەم، بەرگی٢، ل ١٣٥٧. ساڵی ١٩٣٤ دادگای تاوانەکانی زیوریخ داوای لە یۆنگ کرد بیروڕای خۆی سەبارەت بە تۆمەتبارێکی کوشتن بخاتە ڕوو، ئەمەش لەڕێی گفتوگۆ لەگەڵ تۆمەتبارەکە.

پزیشکانیی دەروونشیکاریی، وەک ئەم ناوەندە دانپێدانراوە پزیشکییەتان.

باسی پەرتووکی داهاتووتان بکەن:

وا تەواو دەبێت، ناوی 'هێماکانی خەون و ڕۆڵیان لە گەیشتن بە تاکایەتیی[21]'یە، باسی ئەوە دەکات مرۆڤ چۆن خۆی بێت، مرۆڤ هەمیشە یەک کەسە، لێ هەمیشە خۆی نییە... ئەمریکایی وتەنیی: "خۆت بە."

[21] گوتاربێژییەکەی یۆنگ لە کۆڕبەندی ئۆرانۆس لە ئۆگەستی ١٩٣٥، ساڵی ١٩٣٩ لە پەرتووکی: 'خودسازیی'دا هاتووە. دواتر لە بەشی دووەمدا 'دەروونشیکاریی و کیمیاگەریی' (کۆبەرهەم، بەرگی١٢) تازە کرایەوە.